# نامەکەی جۆن نیگیرۆپۆنتی و عەلاوی

ئاسۆ

کەرکوک لەدووای پرۆسەی ئازادی مشتومڕی زۆری لەسەردەکرێت ئەم شارە بەپێی هەموو دیکۆمێنتە مێژوویەکان شارێکی کوردستانیەو 85ساڵەلەلایەن ڕژێمە یەك لەدوا یەکەکان هەوڵی گۆڕینی باریدیمۆگرافیای دراوە لەسەردەمی ڕژێمەکەی صدامدا بەشێوەیەکی بەرنامە داڕێژراو لەماوەی 35ساڵ حوکمڕانی بەعسدا بەهەموو شێوەیوك لەهەوڵی ئەوەدابون کە کەرکوك لەشارێکی کوردستانیەوە بگۆڕن بۆشارێکی عەرەبی سیاسەتی‌تەعریب سیاسەتێك بوو ئەگەر پرۆسەی ئازادی وئەوهەلومەرجە تازەیەنەبوایە دانیشتوانی کوردی ئەم شارە تەعریب دەکران وتاڕادەیەکیش خەونیو ڕژێمەشۆڤێنییکەی صدام بەدی دەهات خۆشبەختانە هەموو هەڵەکانی ئەم دیکتاتۆرە لەجەنگی کەنداوەوە تاقەیرانی چەکە کۆمەڵ کوژەکانی بەقازانجی کورد گەڕایەوەو لەدەرەنجامی سیاسەتەکانی صدام ئەمریکا لەپرۆسەیەکی گەورەی سەربازیدا بەناوی پرۆسەی ئازادی, عیراقی لەدەست ئەم دیکتاتۆرەی ڕزگارکرد وەکورد لەم نێوەندەدا فرسەتێکی گە ورەی مێژوویی بۆ هەڵکەوت کە بتوانن کەرکوك و ناوچەکانی تر بگە ڕێنێتەوە سەر هەرێمی کوردستان و سیاسەتی تەعریب کۆتای پێبهێنیت و هەموو ڕاگوێزراوەکان بگەڕێنێتەوە کەرکوك بەڵام مخابن کە دەسلاّتداریتی کورد کە لە دەست پارتی و یەکێتی‌دایە نەیانتوانی ئەم هەلە بقۆزنەوەو ئەو شارەی کەناویان لێناوە قودس ودڵ بگەڕێننەوە سەر ئیدارەی حوکومەتی هەرێمی کوردستان لەباتی جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکە گەورەو مێژووییە پارتی و یەکێتی لەتاو مونافەسەو بەرژەوەندی سیاسی حزبی خۆیان نەیان توانی ئیش بۆ کەرکوك بکەن ئەوە نزیکەی دوو ساڵ بەسەر پرۆسەی ئازادیدا تێپەڕیوە هێشتا کەرکوك وەك خۆی ماوەتەوەو دانیشتووە ڕەسەنەکانی ئەم شارە کەکوردن لەژێر چادردان وعەرەبە هاوردەکانیش خاوەن ماڵن لە کاتی ئەنجومەنی حوکم پارتیو یەکێتی وەك دوو حزبی دەسەلاّت بە خەڵکیان ڕاگەیاند کە ئەوان توانیو یانە لە یاسای کاتی بۆ بەڕیوەبردنی عێراق برگەی 58 لەو یاسایە کە تایبەتە بە کەرکوك جێبە جێ بکەن و ڕایان گەیاند ئەم یاسایە دەتوانێت کەرکوك بگە ڕێنێتەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان دووای ئەو ماوە زۆرە برگەی 58لە یاسای بەڕێوە بردنی عێراق تەنیا بە حیبر علا وەرەق مایەوە و جێبەجێ نەکرا زۆرجار بەرپرسەکانی ئەم دوو حزبە ڕایان گەیاند کە وەك پێویست کاریان نەکردوە بۆ جێبە جێ کردنی ئەم یاسایەلە باتی کارکردن بۆ جێبە جێ‌کردنی ئەم یاسایە مونافەسەی حزبی خۆیان کردووە لەو کاتەوەی کەوا دەی دەست پێکردنی هەڵبژاردنەکان نزیك بووەوە پارتی و یەکێتی ڕایانگەیاند نابێت هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پار یزگا لەشاری کەرکوك ئەنجام بدرێت تابڕگەی 58 لەیاسای

کاتی جێبەجێ دەکرێت وە هەڕەشەی بایکۆت کردنی هەڵبژاردنەکان کراگەر ئەم یاسایە جێبەجێ نەکرێت بەڵام ئەمجارەش پارتیویەکێتی هیچیان نەکردو دووای‌چەند سەردانێکی نوێنەرانی ئەمریکاو بەریتانیا پارتیو یەکێتی ڕازی بوون بەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا لەشاری کەرکوك وەتاکە شتێکیش کە بەڕای گشتیو شەقامی کوردیان ووت ئەوەبوو کە ئاوارە گەڕاوەکان بۆیان هەیە دەنگ بدەن لە کاتێکدا دەیان هەزار عەرەبی هاوردە وەك دانیشتوی کەرکوك دەنگ ئەدەن بێ ئەوەی پارتیو یەکێتی بتوانن ڕێگە لەدەنگدانی ئەو هاوردانە بگرن ئەوەی کەمن لێرەدا دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم نامەکەی جۆن نیگرۆ پۆنتی سەفیری ئەمریکاو ئەیادعەلاوی سەرۆك وەزیرانی عێراقە کە بۆ تاڵەبانی و بارزانی نێردراوە سەبارەت بەشاری کەرکوك ئەوەی کە ئەو نامانە بخوێنێتەوە هەست دەکات کە هەموو ئەو قسەو بەڵێنانەی چ لەلایەن عەلاویو چ لەلایەن نیگرۆ پۆنتیەوەبە تاڵبانی و بارزانی دەدرێت تەنیا بە حبر علا وەرەق دەمێنێتەوە ڕای گشتی حەقی خۆیەتی بپرسێت بۆ دووای ئەو ماوەیە ئەو یاسایە جێبەجێ نەکرا ئەو دوونامەیەش جگەلە ڕازی کردنی پارتیو یەکێتی بۆبە شداری کردنیان لە هەڵبژاردن شتێکی ترنیە سەرنجبدەن نیگرۆ پۆنتی لەنامەکەیدا دەڵێت جێبەجێ کردنی هەموو بڕگەکانی مادەی 58 گەوهەریە باشە حەقمانە بپرسین کە جێبەجێکردنی بڕگەکانی 58 گەوهەرین بۆچی جێبەجێ‌نەکرا ئەمریکا خۆی زلهێزێکی جیهانەو تەواوی دەسەڵاتی لەعێراقدا هەیە کێ ڕێگر بوو لەبەردەمیدا تا ئەو یاسایە جێبەجێ نەکات باشە بۆچی ئاڵای کوردستانیان لەسەر فەرمانگەکانی کەرکوك داگرت

کێ بوو تەنانەت وویستی ئاڵای کوردستان لەسەر ماڵەکوردەکانیش دابگرێت لەبەشێکی تردا نیگرۆ پۆنتی دەڵێت لەوەش زیاتر حکومەتی ئەمریکا ئامادەیە ئەوبەشەی لەسەریەتی بیکات بۆجێبەجێکردنی مادەی 58 لەڕێگای یارمەتی‌دانی ئەودامەزراوانەی لێپرسراون لەوڕێ وشوێنانەی لەبڕگەی ئەلف یمادەی 58 دا هەیە ئەوەی کەدەزانرێت وپارتی ویەکێتیش زۆرباش لێی دڵنیان کەیاسای کاتی بەڕێوە بردنی عێراق تا هەڵبژاردنەکان بوو لەدووای پێکهێنانی حکومەتی تازە ئەویاسایە کاری‌پێناکرێت وەئەنجومەنی نیشتمانی هەڵبژێردراو یاساو دەستوری نوێ‌دەستنیشان دەکەن ئەویش لەئێستاوە دیارە کەکورد لەو دەستورەدا ڕۆڵی‌گرنگی نابێت پاشانیش دەنگدانی عەرەبی هاوردەلەکەرکوك ئەوەندەی تر ئەوهاوردانە سوردەکات کەبمێننەوەو لەئەنجومەنی پارێزگا ڕۆڵو وەزنیان دەبێت کەدەتوانن بەپێی ئەوەی کەنوێنەری خەڵکن ڕێگربن لەئیشکردنی کورد نامەکەی عەلاویش هەمان شت دووبارەئەکاتەوەو ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیەکە عەلاوی لەنامەکەیدا باسی دەکات لەسەرەتای نامەکەیدا دەڵێت حکومەتی کاتی پابەندە بە جێبەجێکردنی ماددەی 58 لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆماوەی گواستنەوە بەڵام مەسەلە ئەمنیەترسناکەکان کە ڕوبەڕومان دەبنەوە ڕێگرن لەبەردەم کاری حکومەت.لەزۆربەی بوارەکاندا .بەپێی هەموو ڕاپۆرتەکانی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق کەرکوك بە ئارامترین شار دانراوە لەعێراقدا لەدوای

پرۆسەی ئازادیو ئەوقسانەی عەلاویش جگە لەخۆدزینەوەهیچی ترنیە کێشەی ئەمنی هیچ ڕێگر نەبووە لە بەردەم جێبەجێ کردنی ماددەی 58 وەئەم قسانەی عـەلاویش ناتوانێت وەلاّم بەخواستی خەلکیکەرکوك بداتـەوە ئـەم قسانەش نـەك لای ڕای گشتی کوردی وەرناگیرێـت بـەلکو وەك گالتـەجاڕی تەماشای دەکرێـت عـةلاوی لەنامەکەیـدا دەلێـت لەوانەیەرێبکـەوێت هەلبـژاردنی ئەنجومـەنی پارێزگـای کـەرکوك بەشێوەیەکی ئیستسنائی بۆماوەی 11 مانگ بێت لەکۆتای ئەمسالدا دووبارە هەلبـژاردن بکرێتـەوە ئـەویش بـەگوێرەی خەملاّنـدنی دۆخـی پارێزگاکـان. ئـەم لەوانـەیـەی کەعـەلاوی باسـی دەکـات لـەماوەی ئەمسـالدا دەتوانرێـت هـەزارو یـەك تەفسیری جیـای بـۆ بکرێـت وە هـەموو ئـەو بەلێنانـەی کـە عـەلاوی لەنامەکەیـدا دەیدات جگە لـە بەسـەربردنی کاتو یـاری کـردن و دەسـتی دەسـتی بـەولاوە هـیچ ئومێـدێکی تـری لێ بـەدی ناکرێت بەتەجروبەش بۆ کورد سەلماوە کە هەرکاتێك حکومەتەکانی عیراق لە لاوازیدا بوون بەلێن و دەستی دەستی زۆریان بـە کـورد کـردووە ئەنجامیشکەبەهیزبون پـەلاماریان داویـن وە هەولیانـداوە لـەناومان بـەرن بۆیە ئیتر پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کـورد چیتر بـەو بەلێنانـە ڕازی نـەبن وئـەو دەرفەتانـە لەدەست نەدەن پارتی و یەکێتیش لەبەرامبەر بەرپرسیارێتێکی گەورەدان ئێستاو داهاتوی کورد لە دەستی ئەواندایە لە دەستدانی ئەم دەرفەتە گەورەترین زەربە دەبێت لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بـە درێـژایی مێـژوی کورد